خەبات
www.xebat.net
سێ شەممە 2018/3/13 ژمارە (5470)







# سەردانی چین و توێژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران بەردەوامە

سەردانی چین و توێژەکانی کوردستان بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان بەردەوامە و، دوێنێش بەرپرس و کادیران و ئەندامانی لقی 9ی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم ڕێکخستنەکانی لق و چین و توێژەکانی دەڤەری ئاکرێ و بەردەڕەش و شاندی « کۆلیژی پەروەردەی ئاکرێ » و هەزاران کەس لە هاووڵاتیانی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد، دوای پێشوازیکردنیشیان لەلایەن شێخ خەلات بارزانییەوە، تاجەگوڵینەیان لەسەر مەزاری نەمران دانا و بەڵێن و پەیمانیان بۆ ڕێبازی بارزانیی.نەمر و پارتی دووپات کردەوە. هەروەها بەڕێز عەبدولکەریم محەممەد، خەلکی شاری مهاباد، کە دانیشتوی کەنەدایەو لە بنەماڵەی پێشەوا قازی محەممەدە سەردانی مەزاری نەمرانی لەبارزان کردو لەلایەن نوێنەری جەنابی سەرۆک بارزانی/ بەڕێز خەلات بارزانی و لیژنەی پێشوازی بەگەرمی پێشوازی لێکراو تاجە گوڵینەی لەسەر مەزاری نەمران دانا.

# نووسینگەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمەریکا لە هەرێم کرایەوە

## دۆگلاس سیلیمان: ئێمە پشتیوانی لە حکوومەت و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین



دوێنێ دووشەممە 12-3-2018 نووسینگەی ئاژانسی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئەمریکا لە هەرێم بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دۆگلاس سیلیمان باڵوێزی ئەمەریکا لە عێراق و ویلیام پیتەرسن بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمریکا لە هەولێر کرایەوە.

جێگری سەرۆک وەزیران لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هاوبەش گوتی: کردنەوەی نووسینگەی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لە هەرێم کارێکی هاوبەشی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمریکایە. بەمەش ئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ هەرێم دەسەلمێنێت و پاڵپشتی هەرێم دەکات. ئاماژەشی بەوەدا کە ئەو چاکسازیانەی حکوومەتی هەرێم بە نیازە بیانکات چاکسازی ڕیشەیین و تەنها قسە نین و بەردەوام دەبن. قوباد تاڵەبانی لە بارەی پرۆژەکەشی گوتی: ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە بریتییە لە چاکسازی دارایی و ئابووری و پرۆژەکەشی دەبێتە تەواوکاری چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێم. دۆگلاس سیلیمان باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق لایەن خۆیەوە وتی: ئەم پرۆژەیە لە زۆر بواردا هاوکاری حکوومەتی هەرێم دەکات و تایبەتە بە پەرەپێدانی کەرتی ئابووری و ئێمە پشتیوانی لە حکوومەت و هاووڵاتیانی هەرێم دەکەین. ویلیام پیتەرسن بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمریکا بە ئاماژەپێدان بە کردنەوەی خولی بەرزکردنەوەی تواناکان بۆ باشکردنی ئیداریی و دارایی گوتی بەم پرۆژەیە گۆڕانکاری لە ژیانی هاووڵاتیان و ئاستی خزمەتگوزارییەکان دەکرێت. گوتیشی: هەوڵ دەدەین پرۆژەکە گەورە بکەین و زیاتر گرنگی بەو ناوچانە دەدەین کە پێویستیان بە هاوکارییە و نیشتەجێبوون تێیاندا ناسەقامگیرە.



مەحموود عوسمان:

# سەرۆککۆمار ناوی گەورە و دێی وێرانە

کەسایەتییەکی سیاسیی دیاری کورد باس لەوە دەکات، بێدەنگیی سەرۆککۆمار، شەرعییەتدانە بەو پێشێلکارییە دەستووریانەی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستانی کردووە. دەشڵێ، بەبایاننامەیەک، یاخود دەستلەکارکێشانەوەی، دەنگدانەوەیەکی جیهانیی دەبوو. زیاتر لە ٥٥ ماددەی دەستووری لە لایەن ناوەندەوە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پێشێل کراون، بەپێی دەستووریش سەرۆککۆمار پارێزەری دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵە، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانیی هەرێمی کوردستانە، بێدەنگیی سەرۆکایەتیی کۆمارە، کە ئەوەیش بە ڕای سیاسییەکان، شەرعییەتدانە بە پێشێلکارییەکان.

دکتۆر مەحموود عوسمان، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند: لە دەوری دووەمدا داوام کرد کورد پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار وەرنەگرێت، بە هۆی نەمانی دەسەڵاتەکانی، کە لە دەوری یەکەمدا هەیبوو، بەڵکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان داوا بکات. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی کۆماردا لە دەوری دووەمیدا، وێڕای نەبوونی دەسەڵات و بوونی پۆستەکە وەک تەشریفاتی، بەڵام تاڵەبانی توانیبووی تا ڕادەیەک هاوسەنگییەک لە نێوان لایەنەکاندا ڕابگرێت، مەحموود عوسمان، ئەمە بۆ بوونی توانای خودی تاڵەبانی دەگێڕێتەوە، کە کەسایەتییەکی گرینگی ناوخۆ و دەرەوە بووە، بەڵام ئەم سەرۆکایەتییەی کۆماری ئێستا، هەبێ یان نەبێ هیچ دەورێکی نییە، ناوێکی گەورە و دێی وێران، نە لە بڕیاردا بوونی هەیە و نە حیسابیشی بۆ دەکەن.

لە ڕوانگەی دەرەوە، بەو شێوەیە سەیر دەکرێت، کورد پۆستێکی سیادی وەک سەرۆککۆماری هەیە، پێیشی وایە کە لە پێناو دەنگدانەوەیەکی جیهانیی گەورە، لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییە دەستوورییانەی بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە لایەن ناوەندەوە کراون، لەبەر ئەوەی بەپێی دەستوور سەرۆککۆمار پارێزەری دەستوورە، دەبوو دەستی لە کار بکێشایەتەوە، یانیش بە بەیاننامەیەک نارەزایەتییەکی دەبڕیایە، تاوەکو دەنگدانەوەیەکی جیهانیی گەورەی لێ بکەوتایەتەوە. دکتۆر مەحموود پێی باشە هەریەکە لە سەرۆککۆمار و وەزیر و ئەندامانی دادگای باڵا کە کوردن، بکشێنەوە، تاوەکوو نەکشێنەوە ناوەند بەردەوام دەبێت لە پێشێلکارییەکان، ئەو کەسانە ئێستا تەنیا شکڵین و هیچ سوودێک بە دۆزی کورد و هەرێمی کوردستان ناگەیەنن. ئەو هەروەها یەکریزیی نێوماڵی کورد بە پێویست دەزانێت و، نموونەیش بە یەکریزیی پەرلەمانتارە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەهێنێتەوە، کەوا دەورێکی باشیان دیوە، بەڵام لە هەرێمیش پارتەکان یەکڕیز بن، بەغدا ناتوانێت سوود لەو کەلێنە وەربگرێت، هاوشان بە سوودوەرگرتن لە بێدەنگیی سەرۆککۆمار و دوو وەزیرەکەمان و ئەو سێ ئەندامەی دادگای باڵا، بینیومانە چ ناهەقی و پێشێلکارییەک بەرامبەر هەرێم و خەڵکەکەی کراوە.

# شارەزایەکی دەستوور: کاتی بەدەنگهاتنە لەو هەموو پێشێلکارییەی بەغدا



شارەزایەکی دەستوور دەڵێ، حکوومەتی عێراق و بەتایبەت سەرۆکوەزیران بە هەموو شێوەیەک دەستووریان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پێشێل کردووە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان سکاڵا لەسەر سەرۆکوەزیران لە دادگای فیدراڵی تۆمار بکات و ئەگەر ئەنجامی نەبوو پەنا بباتە بەر دادگای عەدلی نێودەوڵەتی لە لاهای. لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە تاوەکو ئێستا حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی سەرۆکوەزیرانەوە بەردەوام سزای نایاسایی و نادەستووریی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەسەپێنێت و لە ڕێگەی میدیاشەوە بەردەوام بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدات، بەڵام تاوەکو ئێستا بە شێوەی کرداری هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

لەمبارەیەوە، د.عەبدولڕەحمان زێباری، شارەزای دەستووری عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاند: "ئەو سزایانەی حکوومەتی عێراق بەسەر هەرێمی کوردستانیدا سەپاندووە، نایاسایی و نادەستوورین، چونکە دەستووری عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە حکوومەتی عێراق نادات بە هۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە، کە مافێکی شەرعیی گەلی کوردستانە ئەو سزایانە بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت، بۆیە داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی ماددەی 44ی دەستووری عێراقە، کە باس لەوە دەکات کە گەشتکردنی هاووڵاتییان لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانەوە مافێکی سەرەتاییی هەر هاووڵاتییەکە و پێویستی بەوە نییە ڕەزامەندیی لە عێراق وەرگرێت، بۆیە ڕێگریکردن لێی پێشێلکردنی دەستوورە، چونکە ناکرێت لە بەسرا خەڵک گەشتی دەرەوە بکات و لە هەولێر و سلێمانی ڕێگرییان لێ بکرێت و جگە لەوەش، کەمکردنەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەویش پێچەوانەی دەستوورە، لەبەر ئەوەی لە دەستووردا باسی یەکسانی دەکات، بۆیە ناکرێت مووچەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بدرێت و مووچەی هەرێمی کوردستانیش ببرێت و بەشە بودجەکەیشی کەم بکاتەوە. د. عەبدولڕەحمان زێباری، کە دکتۆراکەی لەسەر یاسای دەستووریە، ڕوونیشی کردەوە: جگە لەوەش، بەغدا چەندین ماددەی دیکەی دەستووری پێشێل کردووە، بۆیە پێویستە و کاتی هاتووە هەرێمی کوردستان چیی تر بێدەنگ نەبێت و سکاڵا لەسەر سەرۆکوەزیران تۆمار بکات و سەرەتا سکاڵاکە لە دادگای فیدراڵی تۆمار بکات، بەڵام پێویستە سکاڵاکە لە ڕێگەی هەندێک پارێزەری شارەزا و بەئەزموونەوە بێت. زێباری باسی لەوەش کرد: ئەگەر لە دادگای فیدراڵی ئەنجامی نەبوو، یان هەرێم متمانەی بەو دادگایە نەبوو، ئەوکات دەتوانێ لە دادگای عەدلی نێودەوڵەتی لە لاهای سکاڵا لەسەر سەرۆکوەزیرانی عێراق تۆمار بکات، چونکە بە پێی ماددەی 10کە حکوومەتی عێراق لە ساڵی 1932بەڵێنامەی لەو دادگایە پڕ کردووەتەوە، هەرێم دەتوانێ لە ڕێگەی یەکێک لە وڵاتانی ئەندام لەو دادگایە سکاڵاکە تۆمار بکات، ئینجا هەر وڵاتێک بێت لەوانەی کە دۆستی هەرێمن، لەوانە ڕووسیا و ئەمەریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە، بەتایبەت فەرەنسا کە لەساڵی 1991سەرکوتکردنی ڕاپەرینی ئیدانە کرد لە ڕێگەی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودوڵەتییەوە، بۆیە پێویستە هەرێم بێدەنگ نەبێت و سکاڵا تۆمار بکات.

# د. دلێر شاوێس: بەغدا بە ئەقڵیەتی ڕژێمی پێشوو مامەڵە دەکات

مامۆستایەکی زانکۆ پێی وایە کێشەی سەرەکیی کورد لە عێراقدا کێشەی شەراکەتە و دەشڵێ، دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق هەر بە ئەقڵیەتی ڕژێمی پێشوو بیر دەکەنەوە و وەک ژێردەستە دەڕواننە گەلی کورد. دکتۆر دلێر شاوێس، مامۆستای زانکۆ بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "ئەقڵیەتی خۆسەپاندن و تاکرەوی لە عێراق هێشتا هەر ماوە و بەغدا هێشتا خۆی وەک دەسەڵات و هەرێمی کوردستان وەک بێدەسەڵات دەزانێت، واتە بەغدا دەیەوێ وەک کوێلە مامەڵە لەگەڵ کورد بکات. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە ئەمە ئەقڵیەتی دەسەڵاتدار و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا بووە، هەتا ئەوان وەک سەردەستە و ژێردەستە مامەڵە لەگەڵ کورد بکەن، کێشەی کورد نابڕێتەوە لە عێراقدا و ناگەینە هیچ ئەنجامێک، بێگومان گەلی کوردیش بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە لەگەڵ عێراقێکدا بژی، کە ئەوە بیرکردنەوەی بێت .ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "دوای ساڵی 2003کورد هەوڵی زۆریان داوە ئەو عێراقە بگۆڕن بەوەی ئەقڵیەتێکی نوێ دروست بێت و بەو چاوەی ڕژێمەکانی پێشوو نەڕوانێتە گەلی کوردستان، دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق هەر بە ئەقڵیەتی سەدام حوسێن بیر دەکەنەوە و دەیانەوێ ئەم وڵاتە بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوە ببەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین نەوەیەک دروست بووە، جارێکی دیکە ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ بەر لە ڕاپەڕین. دکتۆر دلێر شاوێس گوتی: دەبێ دەسەڵاتدارانی بەغدا دەبێ لەوە تێبگەن ئێمە کێشەی هاووڵاتیبوونمان هەیە، ئەگەر هاووڵاتیی ڕاستەقینە نەبین ئەوە ڕێگەی دیکە زۆرە بیگرینە بەر، کەواتە کێشەی سەرەکیی کورد لە عێراق نەبوونی شەراکەتە تا ئێمە نەبینە شەریکی ڕاستەقینە ئەوە هەروەک ئێستا عێراق کێشەی لێ نابڕێتەوە. پرسە ئابوورییەکان و بڕین و نەبڕینی مووچەش بۆ ئەوەیە کە دەیانەوێ لە توانا و وزە و ئیرادەی ئێمە کەم بکەنەوە.